گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩) – ژمارە(٢)، هاوین٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

# ڕۆڵی بەڕێوەبردنی پەروەردەیی لە بەرفراوانکردنی ئاسایشی کۆمەڵایەتییدا

**م.ی. دانا لطيف شوانی**
وەزارەتی پەروەردە و سەرۆکی کۆمەڵەی کۆمەڵناسان و دەروونناسانی کوردستان
dana.shwany@ymail.com

**يوسف مغديد قادر**
بەشی کارگێری کار کۆلیژی کارگێری و ئابووری زانکۆی لبنانی فەرەنسی. هەولێر .هەرێمی کوردستان .عیراق.
yousif.maghdid@lfu.edu.krd

**م.ی. کارزان قادر حمد**
بەشی کارگێری گەشتوگوزار کۆلیژی کارگێری و ئابووری زانکۆی لبنانی فەرەنسی. هەولێر .هەرێمی کوردستان .عیراق
Karzan.hamad@lfu.edu.krd

## زانیاریەکانی توێژینەوە

**بەرواری توێژینەوە:**
وەرگرتن:٧ /٢٠٢٣/١
پەسەندکردن:٢٠٢٣/٢/٢٠
بڵاو کردنەوە:هاوین ٢٠٢٤

**ووشە سەرەکییەکان**
*Role, education, management, social security, educational management*

## پوختە

بایەخی ئاسایشی کۆمەڵایەتی بۆ هەموو کۆمەڵگا مرۆییەکان یەکجار زۆرە، هەر بۆیە کەناڵەکانی دەستەبەرکردنی ئاسایشی کۆمەڵایەتی فرە وهەمەچەشنن و، لە کۆمەڵگایەکەوە بۆ کۆمەڵگایەکی تریش ئەو کەناڵانە گۆڕانی بەسەردا دێت، هەروەها ئەو کۆمەڵگایانەی کە ڕایەڵەی گونجاو بۆ دەستەبەری ئاسایشی کۆمەڵایەتی دەخەنەڕوو، دەبینین قەیرانە کۆمەڵایەتی و پەروەردەیی و کولتووریی و ئابوورییەکانی ئەو کۆمەڵگایەش کەم دەبێت. بەڵگەنەویستە هەموو هەوڵێك بۆ بەرفراوانکردن و قووڵترکردنەوەی ئاسایشی کۆمەڵایەتی لە کۆمەڵگا، دەبێت گرنگی بە پەروەردە و فێرکردن ودەزگا پەروەردەییەکان بدات

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەرپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩) – ژمارە(٢)، هاوین٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

Doi:
10.25212/lfu.qzj.9.2.1

بۆ ئەوەی بتوانرێ کۆمەڵگا لە دۆخی ئاسایشی کۆمەڵایەتی بەردەوام بێت. لەم ڕووەوە، دەگەینە ئەو ڕاستییەی کە بەرپرسیارێتی کۆمەڵایەتی ودەستەبەرکردنی پەروەردەی گونجاو و دەروونڕوستیی بۆ تاکەکان ڕۆڵی باڵا دەگیرێت لە فراوانکردنی ئاسایشی کۆمەڵایەتی، وێڕای ئەو کاریگەرییەی کە خێزان هەیەتی لە دەستبەرکردنی ئاسایشی کۆمەڵایەتی لە کۆمەڵگا. هەروەها لە لایەکی تر، دەکرێ بڵێین هەموو دەزگا کۆمەڵایەتییەکان دەتوانن ڕۆڵیی لە بەرفراوانکردنی پانتایی ئاسایشی کۆمەڵایەتییدا هەبێت و، شیرازە و ڕێکسختنی کۆمەڵایەتیش کە بنەما و کۆڵەکەی دەزگا پەروەردەییەکانە دەتوانێت ببێتە ڕایەڵەی فەراهەمکردنی ئاسایشی کۆمەڵایەتی. ئامانجی سەرەکییمان هەوڵدانە بۆ شیکردنەوەی کاریگەرییەکانی بەڕێوەبردنی پەروەردەیی لە بەرفراوانکردنی ئاسایشی کۆمەڵایەتی، چونکە دواجار دەگەینە ئەو ئەنجامەی کە پەروەردە ڕۆڵێکی باڵا دەگێڕێت لە بەرفراوانکردن و پەرەسەندنی ئاسایشی کۆمەڵایەتییدا.

## 1.پێشەکی:

بەڵگەنەویستە کۆمەڵگا مرۆییەکان بێ هەبوونی مرۆڤی بیرکەرەوە و خاوەن بۆچوون و بیروڕای مەدەنی بوونی نییە، لە هەمان کاتیشدا بێ هەبوونی پەروەردەیەکی تەندروست و کاریگەر پلە بە پلە مانا و مەغزاکانی خۆی لەدەست دەدات، چونکە ئەوەی دەبێتە هۆی مانەوە و بەردەوامی بەها و نۆرمە کۆمەڵایەتییەکانی کۆمەڵگا، جۆری پەروەردە و کولتوور و ئەو بیروڕایانەیە کە لە ڕێگەی پەروەردەی مرۆییەوە بۆ منداڵ و نەوەکان لە کۆمەڵگا دێتە کایەوە تاکو لە باشترین هەلومەرجدا، بوارەکانی گەشەسەندنی هەمەلایەنەیان بۆ دەستەبەر بکات. لە سیستەمی پەروەردەی تەندورستدا چاوەڕوانی ئەوە لە تاکەکان دەکرێت کە خۆیان لەگەڵ ئەو یاسا و نۆرمە کۆمەڵایەتییانەی کۆمەڵگا بگونجێنن کە

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩) – ژمارە(٢)، هاوین٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

ژیانی کۆمەڵایەتییان ڕێکدەخات. پرسی ئاسایشی کۆمەڵایەتی هەنوکە وەك بنچینە وبنەمایەکی ئاسایشی نەتەوەیی لە قەڵەم دەدرێت بەتایبەت لەو کۆمەڵگایانەی کە لە دۆخی پەرەسەندندان

لەم پێشەکییە کورتەدا توێژەران مەبەستیانە ئەمە بخەنە ڕوو کە هەستی هەڕەشەی گرووپێك بەرامبەر بە ناسنامە و زمان و کولتووری خۆیان دەکرێ دواجار ببێتە هۆی خستنەبەر هەڕەشەی ئاسایشی نەتەوەیی و ئاسایشی سیستەمی سیاسیی و پەروەردەیی، بۆیە هەبوونی شوناسی هاوبەش لە کۆمەڵگایەکی دیاریکراو، هەستی یەکانگیریی کولتووریش دێنێتە کایەوە، تاکە ڕێگای دەستەبەری ئەو یەکانگیرییەش پەروەردەی فەرمی و نافەرمی کۆمەڵگایە کە کەناڵەکانی ئەو پرۆسەیە هەمەچەشنە و هەوڵدراوە بەوردی تیشك بخرێتە سەر بەشێك لەو کەناڵانە. لە هەمان کاتدا، لە سەرەتادا گەڕانەوەیەکی تیۆرییمان بۆ پرسی ئاسایشی کۆمەڵایەتی و بنەما و پرەنسیپە سەرەکییەکانی کردووە تاکو لەو ڕێگەیەوە بتوانین بەوردی ئەو پەیوەندییە دیالێکتیکیەی نێوان پەروەردە و ئاسایشی کۆمەڵایەتیی بدۆزینەوە وشرۆڤەی بکەین.

هەروەها ئەم توێژەر توێژینەوەکەی دابەسکردووە بەسەر دوو بەشدا، لە باسی یەکەمی بەشی یەکەمدا میتۆدلۆژیای توێژینەوەکە بەوردی شیبکرێتەوە، لە هەمان کاتدا لە باسی دووەمی هەمان بەشدا چەمکە سەرەکییەکانی ئەم توێژینەوەیە شیکراوەتەوە، کە سوودی هەیە بۆ تێگەیشتن لە کۆی ڕەهەندەکانی ئاسایشی کۆمەڵأیەتی. لە لایەکی تر، لە بەشی دووەمدا باسی کاریگەرییەکانی پەروەردە لە پەرەسەندنی ئاسایشی کۆمەڵایەتی کراوە، هەروەها زانینی ئەو پەیوەندییە دیالیکتییکەی لە نێوان پەروەردە وئاسایشی کۆمەڵایەتییدا هەیە، هەر بۆیە لە باسی یەکەم باسیی پەروەردەی کۆمەڵایەتی و بەرفراوانکردنی ئاسایشی کۆمەڵایەتی خستۆتە ڕوو و، ڕۆڵی پەروەردەی فەرمی و کۆمەڵایەتیی کراوە. لە باسی دووەمدا هەوڵدراوە بەوردی باسی کەناڵەکانی دەستەبەرکردنی ئاسایشی کۆمەڵایەتی بکرێت.

## 2. میتۆدۆلۆژیا وچەمکەکانی توێژینەوە

### میتۆدۆلۆژیای توێژینەوە

### 1.2.گرفتی توێژینەوەکە:

ئەو ساتەوەختەی توێژەر دەخوازێ بپرژێتە سەر تاوتوێکردنی یەکێ لە دیاردە کۆمەڵایەتییەکان یان شیکردنەوەی لق وبەشێك لە کۆمەڵناسیی گشتیی، ئەوا ئەم خۆخەریکردنە بە تاوتوێکردنی ئەم دیاردە ولقە زانستییە هەر لە خۆڕا نییە، بەڵکو دەرکەوتنی دیاردە ولقە زانستییەکەیە وەك دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی یان بابەتێکی ڕۆژ کە بۆتە جێی سەرەنجی زۆربەی ئەکادیمییەکان.

گرفتی ئەم توێژینەوەیە پێکدێت لەو کاریگەرییەی کە پەروەردە هەیەتی لە پەرەسەندن وگەشەسەندنی ئاسایشی کۆمەڵایەتی لە کۆمەڵگا. لەراستیدا هەڵبژاردنی ئەم ناونیشانەش بۆ ئەوەی بیخەینە ژێر توێژینەوە هۆکارەکەی دەگەڕێتەوە بۆ ئەو کاریگەرییە بەرچاوەی هەنووکە لە ناوەندە ئەکادیمییە کۆمەڵناسییە جیهانییەکاندا هەیەتی، چونکە کایەیی ئیشکردنی ئاسایشی کۆمەڵایەتی بەرفراوانە و، پەیوەندی بە کۆی لایەنەکانی ژیانی کۆمەڵایەتییەوە هەیە. بۆیە هەوڵدراوە وەڵامی ئەم پرسیارە بدرێتەوە کە ئایا بەرێوەبردنی پەروەردەیی لە هەرێمی کوردستان، چ کاریگەرییەکی لەسەر ئاستەکانی دەستەبەرکردنی ئاسایشی کۆمەڵایەتی هەیە؟

### 2.2بایەخی توێژینەوەکە:

ئاشکرایە هەموو توێژینەوەیەك بە پێی ئەو پانتایە کۆمەڵایەتیەی کە توێژینەوەکەی تێدا ئەنجام دەدرێ گرنگییەکەی دەگۆڕدرێ. ئەم توێژینەوەیەش لە خۆگری زیاد لە گرنگییەکە چونکە لە لایەك ئەم توێژینەوەیە دەچێتە چوارچێوەی بواری کۆمەڵناسیی گشتیی و کۆمەڵناسیی پەروەردەیی و مشتێ لە خەرمانی مەعریفی ئەو بوارانە زیاد دەکات و، لە لایەکی دیکە، توێژینەوەی تیۆریی سەبارەت بە پەروەردە و کاریگەری لەسەر ئاسایشی کۆمەڵایەتی لە کوردستاندا تاکو ئێستا بە پێی زانیارییەکانی توێژەران ئەنجدام نەدراوە، بۆیە ئەم تویژینەوەیە یارمەتیدەرێکە بۆ ئەوەی بتوانین لەو پەیوەندییەی

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩) – ژمارە(٢)، هاوین٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

نێوان پەروەردە و ئاسایشی کۆمەڵایەتی تێبگەین، ئەویش بەتایبەت بە گەڕانەوە تیۆرداڕێژەرانی ئەو بوارە.

### 3.2 ئامانجەکانی توێژینەوەکە

بە شێوەیەکی گشتی ئەم توێژینەوەیە زیاد لە ئامانجێکی هەیە و توێژەر دەخوازێ هەموو هەوڵەکانی بخاتە گەڕ بۆ ئەوەی بیانهێنێتە دی. دواجار ئامانجەکانی ئەم توێژینەوە لەم دوو خاڵەی خوارەوە پوخت دەکەینەوە:

1.هەوڵدان بۆ تێگەیشتن لە ئاسایشی کۆمەڵایەتی و و ڕۆڵ و پێگەی لە نێو کۆمەڵناسیی گشتیی و بوار و پانتایی ئیشکردنی.

2. هەوڵدان بۆ زانینی ئەو کاریگەرییانەی پەروەردە بەسەر ئاسایشی کۆمەڵایەتییەوە هەیەتی.

## 3. چەمکەکانی توێژینەوەکە

### 1.3 ڕۆڵ

چەمکی ڕۆڵ بایەخێکی یەکجار زۆری لە ئەدەبیاتی کۆمەڵناسیی و دەروونناسی کۆمەڵایەتییدا هەیە، بە تایبەت بۆ شیکردنەوەی دەزگا کۆمەڵایەتییەکان چ لە قوتابخانە و دەزگا پەروەردەییەکان بیگرە تا دەگاتە دەزگا تەندروستییەکان، چونکە ڕۆڵەکان تەوژمە جێگیرەکانی ڕەفتاری کۆمەڵایەتیین و پشکێکی کاریگەر و بەرچاوییان لە شێوەی ڕەفتار و جۆری کەسایەتی تاك لە ئەستۆدایە، لە لایەکی تر، لەبەرئەوەی کۆمەڵگا مرۆییەکان پێکدێن لە گرووپ و بەرژەوەندییە زۆر جیاوازەکانی هەر تاك و گرووپێك، بۆیە بە بەردەوامی ڕۆڵ و پێگەی تاکەکان لە کۆمەڵگا مرۆییەکان گۆڕانی بەسەردا دێت.

چەمکی ڕۆڵ لە مانا کۆمەڵناسییەکەی زۆربەی جار بۆ ڕاڵف لینتۆن دەگەڕێتەوە کە بریتییە لەوەی هەموو دەزگایەك لە کۆمەڵێك ڕۆڵی کەم تا زۆر دیاریکراو پێکدێت بۆ نموونە ڕۆڵەکانی بەڕێوەبەر،

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

قوتابی و سەرپەرشتیار و مامۆستا لە قوتابخانە. ئەم ڕۆڵانە دەکرێ بە سیستەمی ئەو نۆرمە ئەرێیانە پێناسە بکەین کە ئەکتەرەکان ئەو ڕۆڵانەی لە ئەستۆ دایە و شوێنی دەکەون. بەم چەشنە، ڕۆڵ لە شێوەی ئەرکە ئەرێنیەکانی پەیوەست بەشێوەیەکی دیاریکراو پێکهاتووە. (بودون و بوریکو، 2006: 706)ۆئابراکرامبی لە فەرهەنگی کۆمەڵناسییدا پێیوایە ڕۆڵ بریتییە لە دەستکەوتی ئەو پرۆسەیەی کە لە ڕێگەی کارلێکەوە دێتە بوون. هەروەها جۆرج هێربەرت میدیش جەخت لەسەر ئەو خاڵە دەگاتەوە کە چۆن منداڵان لە ڕێگەی کۆمەڵگا شتەکانی دەوروبەریان دەناسن و فێریان دەبن و بوونی کۆمەڵایەتی خۆیان لە ڕێگەی ئەو ڕۆڵەی پێیاندەدەرێت بیر و خەیاڵ لە ڕۆڵەکانی تری وەك باوك، دایك و مامۆستا و ..... پەروەردە دەبن. بەتەمەنەکانیش بۆ سوودوەرگرتن لە دۆزینەوەی ڕۆڵی خۆیان کەڵکی لێ وەردەگرن، چونکە هەر ڕۆڵێك پێکدێت لەو کارلێکەی لەگەڵ ڕۆڵەکانی تر لە پرۆسەی کارلێکی کۆمەڵایەتی لەگەڵ کەسانی تر ڕوودەدات، بەرهەمدێت. (آبرکرامبي، 1984: 324)

بەدیدی مید، جیاوازی ڕۆڵگێران و ڕۆڵی یاریکردن لەمەدایە کە لە ڕۆڵگێرانی منداڵ دەبێ تێڕوانینی هەموو کەسانی تر کە لەم ڕۆڵەی لە یاریکردندا هەیانە بزانرێ بۆ ئەوەی بتوانرێ پەرچەکرداری ئەوانی تر کۆنترۆڵ بکرێت. (کورز:253).

هەروەها لای ئەرکگەراکان ڕۆڵی کۆمەڵایەتی بریتییە لەو نۆرمانەی کە کردەی ئەو کەسانەی پێگەیەك یان ئەرکێکی تایبەتیان لە گرووپێکدا هەیە، بەردەوام دەبن لەسەری. (روشە، 1991: 45). هەر بۆیە پارسۆنز وەك ئەرکگەرایەك پێیوایە هەموو ڕۆڵێك سێ توخمی سەرەکیی هەیە ئەوانیش

1. دەبێت لە نێو بکەر یان ئەکتەرەکان چاوەڕەوانییەکی دوو لایەنە هەبێت، واتە هەر یەك لەو تاکاکانە بۆیە کارلێك لەگەڵ یەك دەکەن، لەبەرئەوەی هەر یەکەیان دەیانەوێ بەجۆرێك لە جۆرەکان سوود لە یەکتر وەربگرن.

2. دووەمین توخمیش بەهۆی کارلێکە دیاریکراو و بەردەوامەکانی نێوان دوو کەس یان زیاترە؛

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩) – ژمارە(٢)، هاوین٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

3. توخمی سێیەمیش بریتییە لە گرێنتی جێبەجێکردنە ئەمیش بەواتای ئەوەیە کە هەم خود و هەم ئەویتر وا ڕەفتار بکات کە پێچەوانە و دژ نەبێت لەگەڵ چاوەڕوانییەکانی ئەوانی تر. (روشه 1997: 96).

### 2.3 چەمکی بەڕێوەبردن (Management)

بەشێوەیەکی گشتی چەمکی بەڕێوەبردن لە ڕوانگەی جیاوازەوە پێناسە دەکرێت. ماری پارکەر فالت پێیوایە بەڕێوەبردن هونەری ئەنجامدانی کاروبارەکانە لەلایەن کەسانی ترەوە، ئەمە بەو مانایەیە کە هەموو کەسێک بتوانێت لە ڕێگەی بەکارهێنانی هێزی ئەوانی ترەوە کار بکات ئەوە پێی دەڵێن بەڕێوەبەر، بە واتایەکی تر، بەڕێوبەری ڕێکخستن و کۆنترۆڵکردنی چالاکییە دەستەجەمعییەکان بۆ گەیشتن بە ئامانجی خوازراو لە دەزگایەکی دیاریکراو، ئەوپەڕی کارایی هەیە (قرائیمقدم، 2010: 33) لە پێناسەیەکی گشتگیرتردا بە بەڕێوەبردن دەگوترێت هاوئاهەنگی سەرچاوە مرۆیی و ماددییەکان بۆ گەیشتن بە ئامانجە ڕێکخراوەییەکان (صافی، 2008: 13).

بۆیە دواجار دەتوانین بڵێین بەڕێوەبردن چالاکییەکی ئاساییە بۆ بەدیهێنانی چەند ئامانجێک، ئەویش لە ڕێگەی دروستکردنی پەیوەندی نێوان سەرچاوە بەردەستەکان و کارکردن لە ڕێگەی بەشداری کەسانی تر و بەشداری چالاکانە لە بڕیارداندا، بەواتایەکی تر، ئامانجی سەرەکی بەڕێوەبردن لە هەر دام و دەزگایەکدا بریتییە لە ڕێکخستنی هەوڵەکانی مرۆڤ و بەکارهێنانی سەرچاوەی ترە بۆ گەیشتن بەئامانجەکانی دەزگاکە بەتایبەت لە دامەزراوە پەروەردەییەکان ئەو ئامانجانە پەیوەندیان بەپەروەردە و پێشکەوتنی فێربوونەوە هەیە (علاقەبند، 2011: 15).

وێڕای ئەوەش، لە دیدی توێژەران، بەڕێوەبردن بریتییە لە گرتنەبەری چەند هەنگاوێك بەمەبەستی گەیشتن بەو ئامانجانەی لە چوارچێوەیەکی دیاریکراو کۆششی بۆ دەکەین، هەم لە ڕێگەی ئاستی زانیاریی خودی و هەم لەسەر ئاستی زانیارییەکانی ئەوانیتر، کردەکانمان ئەنجام دەدەین.

### 3.3چەمکی بەڕێوەبردنی پەروەردەیی (Educational management)

بەڕیوەبردنی پەروەردەیی بە شێوەیەکی گشتی بە پلاندانان و ڕێکخستن و ڕێنمایی و هەماهەنگی و سەرپەرشتیکردن و هەڵسەنگاندنی پرۆسەی پەروەردە پێناسە دەکرێت، بەڵام بەڕێوەبردن دەتوانین بڵێین بە واتایەکی دیاریکراو بەو شێوەیە پێناسە دەکرێت کە بریتییە لە ڕێنوێنی و کاری کۆمەڵایەتی و ڕەخساندنی کەشێکی گونجاو بۆ چالاکییە پەروەردەییەکان، هەروەها دەتوانین ئەوەشی بۆ زیاد بکەین کە بەڕێوەبردنی پەروەردەیی پێویستی بە دروستکردن و پاراستن و هەڵچوون و کۆنترۆڵکردن و یەکپارچەیی هێزی مرۆیی و ماددی هەیە کە بەشێوەیەکی فەرمی و نافەرمی لە نێو یەک سیستمدا پێکدەهێندرێن و ڕێکدەخرێن بۆ ئەوەی ئامانج و ئامانجی پەروەردەییەکە بەدی بهێنرێت، چونکە بەڕێوەبردنی پەروەردەیی پرۆسەی ڕێکخستنی بەهرەکانی مرۆڤە و سوودوەرگرتن لە هەلومەرجی ژینگەییە بۆ مەبەستی پەروەردەیی (صافی، 2008: 69-70). بۆیە دواجار دەتوانین بڵێین بەڕێوەبردنی پەروەردەیی زۆرجار بە واتایەکی دیاریکراوەوە دەلکێت. واتە بەڕێوەبەرایەتییەکەی بەشێکە لە چالاکییەکانی دەزگا پەروەردەییەکان کە پەیوەندی ڕاستەوخۆیان بەخوێندن و فێربوونەوە هەیە و چالاکیەکانی پەیوەست بە پرۆگرامی پەروەردەیی و کەرەستە و ناوەڕۆکی خولەکان و میتۆد و ئامرازەکانی پەروەردەیی و ڕاوێژ و ڕێنمایی ئەکادیمی و ڕێوشوێنی پەروەردەیی تەواوکاری و کاروباری مامۆستایان و قوتابیان لە خۆدەگرێت (علاقەبند، 2011: 15-16).

بۆیە دەتوانین بڵێین بەڕێوەبردنی پەروەردەیی بریتییە لە کۆمەڵە زانیارییەکی یەکگرتوو کە لە ئەنجامی بەکارهێنانی میتۆدی زانستییەوە سەرچاوە دەگرێت بە مەبەستی وەسفکردن و ڕوونکردنەوەی تایبەتمەندییەکانی توخمە ڕێکخراوەییەکان و پەیوەندییەکانی نێوانیان لە دەزگا و دامەزراوە پەروەردەییەکاندا.

### 4.3پەروەردە Education

تاکو ئێستا تێگەیشتن و پێناسەگەلی هەمەچەشن و جیاواز لەبارەی پەروەردە و دەزگا پەروەردەییەکان خراوەتە ڕوو کە هەر یەکەیان ئەرکەکەی لە کردەیەکدا کۆ دەکەنەوە. ستیڤان مۆر لە کتێبی

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

دەروازەکانی کۆمەڵناسییدا پێیوایە پەروەردە بریتییە لەو دەزگایەی کۆمەڵایەتییەی کە تاکەکان لە رێگەیەوە دەتوانن بەشێك لە بەها و نۆرمە کۆمەڵایەتییەکانی کۆمەڵگا فێر ببێت و دەروازەیەك بۆ خۆی بکاتەوە تاوەکو لێیوە بتوانێ شتگەلێکی تازە لەبارەی دەوروبەری بزانێت(استفن مور، 2010: 166). هەروەها دیانا کنداڵ یەکێکە لە کۆمەڵناسە تازەکانی بەریتانیا و لە کتێبێکی بەناوی کۆمەڵناسی هاوچەرخ پێیوایە پەروەردە ئەو دامەزراوە کۆمەڵایەتییەیە کەبەرپرسیارێتی گواستنەوەی سیستەماتیکانەی زانست، لێهاتوویی و بەها کولتوورییەکانی لەئەستۆ دایە ئەویش لە رێگەی بونیادێکی رێکخراویی فەرمییەوە، هەر لەبەر ئەمە لە هەموو کۆمەڵگا مرۆییەکان خەڵك بۆ درێژەدان بە مانەوەی خۆیان پێویستە مەعریفە و لێهاتوویی تایبەت بەدەستبهێنن کە ئەمە لە کۆمەڵگایەکەوە بۆ کۆمەڵگایەکی تر گۆڕانی بەسەردا دێت (کاندال، 2013: 485).

ئەمیل دۆرکایمش لە کتێبی پەروەردە و کۆمەڵناسییدا پێیوایە پەروەردە بریتییە لە پرۆسەی بەکۆمەڵایەتیبوونێکی رێکخراوی نەوەی گەنج ئەویش بەمەبەستی گواستنەوەی بەها و نۆرمە کۆمەڵایەتییەکان لە نەوەیەکەوە بۆ نەوەیەکی تر، هەروەها پەروەردە دوو ئەرکی سەرەکیی لەسەر شانە ئەوانیش: یەکەم بیناکردن و هێنانەکایەوەی یەکانگیریی کۆمەڵایەتی، دووەمیان: ئامادەکردنی گەنجان بۆ ئەوەی بتوانن کار بکەن ئەویش لە رێگەی فێرکردنی چەند شارەزایی و لێهاتووییەکەوە(دورکیم، 2012: 66).

بۆیە دواجار دەکرێ بڵێین پەروەردە بریتییە لەو دەزگا کۆمەڵایەتییەی کە ئەرکی پەروەردەکردن و ئاراستەکردن و بەکۆمەڵایەتیکردنی تاکەکانی کۆمەڵگایە ئەویش لە پێناو رەچاوکردن و گواستنەوەی بەها و نۆرمە کۆمەڵایەتییەکان لە نەوەیەکەوە بۆ نەوەیەکی تر، ئەوا بێجگە لەوەی بەخشینی لێهاتوویی بە تاکەکان لە پێناو مانەوەیان لە ژیان.

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

### 5.3 ئاسایشی کۆمەڵایەتی Social Security

تا ئێستا پێناسەگەلی هەمەچەشن لەبارەی ئاسایشی کۆمەڵایەتی خراوەتە ڕوو، کە دەکرێ پۆلینبەندییان بکەین بۆ تێگەیشتنی نەریتی ومۆدێرن بۆ ئەو چەمکە، چونکە ئاسایش لە ڕوانگەی نەریتی بریتییە لە نەکەوتنە ژێر هەرەشەی ژیانی کۆمەڵایەتییەوە، بە مانایەکی تر، هەموو ئەو بەربەستانەی دەبنە هۆی لەناوبردنی هەرەشە و مەترسییەکانی سەر ژیانی مرۆڤ دەکرێ پێی بگوترێت ئاسایش. (لیك و مورگان، 2002: 40-45) هەروەها باری بوزان کە یەکێکە لە تیۆرداڕێژەرانی بواری ئاسایشی کۆمەڵایەتی پێیوایە ئاسایش لە لایەن سیستەمە چاودێرییە بەهێزەکانەوە جێبەجێدەکرێت، واتە هەر کاتێ دەسەڵاتی تەوژمی چاودێریی و یاسایی و ڕەوایەتی لە کورتی بدات، ئەوا ئاسایشی کۆمەڵایەتیش لە کورتی دەدات، کەواتە لەم ڕەوتەدا مانەوەی کۆمەڵگا بەشێوەیەکی تەندروست پەیوەستە بە مانەوەی لە ڕەهەندەکانی فیزیکی و مادییەوە، هەر کاتیش ئەو ڕەهەندانە زیانی پێ بکەویت، ئاسایشی کۆمەڵایەتیش ڕووبەرووی هەڕەشە دەبێتەوە (بوزان،1999: 351-355)، لە لایەکی تر، لە ڕوانگەی مۆدێرن، ئاسایشی کۆمەڵایەتی بریتییە لە هەبوونی ئارامی دەروونی وکۆمەڵایەتی و نەبوونی ترس لە ژیانی کۆمەڵایەتی و هەبوونی جۆرێك لە جۆری ژیانی باشە بۆ تاکەکان بەشێوەیەکی یەکسان ئەوانیش بە تایبەت لە دەستەبەرکردنی دەرفەتی یەکسان بۆ هەموو تاکەکان بۆ ئـەوەی بتوانن بخوێنن و درێژە بە پرۆسە پەروەردەییە فەرمییەکان بدەن (گیدنز، 1999: 119-129). هەربۆیە ئالان بیرۆ لە فەرهەنگی کۆمەڵناسییەکەی خۆیدا پێیوایە ئاسایشی کۆمەڵایەتی پەیوەستە بە مانەوەی هەست و ئینتیمایان بۆ ئەو کۆمەڵگایەی تێیدا دەژێین، ئەویش لە ڕێگەی پرۆسەیەکی کۆمەڵایەتیی دووردرێژ دەستەبەر دەبێت و یەکێك لە میکانیزمەکانی ئەو پرۆسەیەش کۆدەنگییە لە نێو تاکەکان لەبارەی پرسە چارەنووسسازەکان (بیرو، 1991: 157).

هەروەها ئەنتۆنی گیدنز، کۆمەڵناسی بەریتانی، لە کتێبی ئاکامەکانی مۆدێرنیتی پێیوایە ئاسایشی کۆمەڵایەتی یەکێکە لە بەشە سەرەکییەکانی ویستی مرۆڤ کە بەتایبەت دەکرێ لە ڕێگەی دەستەبەری تەندروستی کۆمەڵایەتی و دەروونی، و کەمکردنەوەی زیانە کۆمەڵایەتیی و دەروونیەکان و تەنانەت لە بەرفراوانکردنی تەندروستی کۆمەڵایەتی و دەروونیی بایەخی یەکجار زۆری هەیە، بەم چەشنە، ئارامی، خۆشگوزەرانی، گەشەسەندن، دەرکەوتنی توانا و داهێنانانەکان و گەیشتن بە هەموو هیوا و

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩) – ژمارە(٢)، هاوین٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

ئاواتەکان لە ڕێگەی دەستەبەری ئاسایشەوە دێتەدی بۆیە ئاسایشی کۆمەڵایەتی ئەو قۆناغ و پێگەیەیە کە ڕووبەرووی ئەو مەترسییانە دەبێتەوە کە هەرەشەن بۆسەر کۆمەڵگا و ڕۆڵێ باڵای هەیە لە کەمکردنەوەی ئەو مەترسییانە (گیدنز، 1998: 96).

## 4. کاریگەرییەکانی پەروەردە لەسەر ئاسایشی کۆمەڵایەتی

### 1.4 پەروەردەی کۆمەڵایەتی وبەرفراوانکردنی ئاسایشی کۆمەڵایەتی

گومانی تیا نییە کە هەموو پەروەردەیەکی مرۆیی گوزارشتە لە پەروەردەیەکی کۆمەڵایەتی، چونکە مرۆڤ ناتوانێت درێژە بە ژیان بدات جگە لە فۆرمە کۆمەڵایەتییەکەی نەبێت و، پەروەردەش بێ کۆمەڵگا بوونی نییە، هەر بۆیە کۆمەڵگا مرۆییەکان بە بەردەوامی لە هەوڵی ئەوەدان کە مرۆڤ بەگوێرەی نۆرم و بەها و کولتوورەکانی کۆمەڵگا پەروەردە بکات، بۆ ئەوەی بتوانێ بە باشترین شێوە درێژەی بە ژیانیی کۆمەڵایەتیی خۆیان بدەن، نابێ ئەوەش لە یاد بکەین کە پەروەردەی کۆمەڵایەتیی هەر کۆمەڵگایەکی دواجار دەبێتە شوناسی کۆمەڵایەتیی تاکەکانی ئەو کۆمەڵگایەش کە لە ڕێگەیەوە کارلێکی کۆمەڵایەتیی لەگەڵ دەروروبەرییان دەکەن. لەم نێوانەشدا پەروەردە ڕۆڵێکی باڵا دەگێڕێت لە بیناکردنی کەسایەتیی تاکەکانی کۆمەڵگا، بۆیە کۆمەڵناسی فەرەنسیی ئەمیل دۆرکایم پێیوایە ڕۆڵی پەروەردە لە کۆمەڵگا گوزارشتە لەوەی کە منداڵان تا ئەو کاتەی بە کۆمەڵایەتی نەبوونە ناتوانن خۆیان لەگەڵ سیستەمە کۆمەڵایەتییەکە بگونجێنن، بۆیە بۆ ئەوەی خۆیان لەگەڵ ژینگە کۆمەڵایەتییەکە بگونجێنن دەبێت پشت ئەستوور بن بە نۆرم ورێورەسم و داب و نەریتەکانی کۆمەڵگا(عقلاقەبند، 1994: 133). هەروەها لە کتێبی خۆکوشتندا دۆرکهایم دەڵێت لەبەرئەوەی پەروەردە دەتوانێ تاك بخاتە ژێر کاریگەرییەوە، ئایا دەتوانین تەنیا بەمە ڕابوەستین؟ پەروەردە تاکە پەرچەکردار ووێناکردنی کۆمەڵگایە. پەروەردە لاسایی کۆمەڵگا دەکاتەوە وبەشێوەیەکی پوخت بەرهەمی دەهێنێتەوە، بەڵام دروستی ناکات. پەروەردە ئەو کاتە تەندروست دەبێت کە خودی خەڵك لە دۆخێکی تەندروستدا ژیان بەسەربەرن، پەروەردە هاوشان بە خەڵك تووشی بەلارێدا دەڕوات؛ بێ ئەوەی خۆی بتوانێ گۆڕان لە خۆیدا بهێنێتە کایەوە، ئەگەر ژینگەی ژیان تووشی گەندەڵی ببێت، لەبەرئەوەی خودی مامۆستاکانیش لەو ژینگەیە دەژێن، کەوابێ ناتوانن لە کاریگەریی ئەو ژینگە پڕ گەندەڵییە دەرباز بن (دورکیم، 2013:

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩) – ژمارە(٢)، هاوین٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

458). لێرەوە بۆمان ڕوون دەبێتەوە کە بە تێکچوونی دۆخی پەروەردە لە کۆمەڵگا مرۆییەکان بە هەمان شێوەیەش، دۆخی کۆمەڵایەتیی وکولتووریش تووشی تێکچوون و بەلارێداچوون دەبێت بەتایبەت ئاسایشی کۆمەڵایەتی، کە پەروەردە دەتوانێت ڕۆڵێکی باڵا بگێرێت لە بەرەوپێشبردن و پەرەسەندنی ئاست و دۆخەکانی ئاسایشی کۆمەڵایەتی.

پرسێکی تر کە پەیوەندی ڕاستەوخۆی بە دەستەبەری ئاسایشی کۆمەڵایەتییەوە هەیە ئەویش پرسی هەبوونی سەرمایەی کۆمەڵایەتیی و ئەو لێکەوتانەی کە سەرمایەی کۆمەڵایەتیی بەدوای خۆیدا دەهێنێت. سەرمایەی کۆمەڵایەتی بریتییە لە هەموو ئەو سەرچاوە پڕبایەخ وگرنگانەی کە بەشێوەیەکی بەرچاو لە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی گرووپ وکۆمەڵگاکاندا بوونی هەیە و گرنگترین ئەو سەرچاوانەش بریتیین لە پشت بەخۆبەستن، متمانە و دەروونددروستی و ڕاستگۆیی و سەرراستی و پەروەردەیەکی تەندروست. سەرمایەی کۆمەڵایەتیی لە ڕێگەی ئەم سەرچاوانەوە دەتوانێت ببێتە کەناڵێکی بەهێز بۆ ئەوەی لە هەموو ئاستەکانی کۆمەڵگا ئامانجە هاوبەشەکانی تاکەکانی کۆمەڵگا دەستبەر بکات بە ئاسایشی کۆمەڵایەتیەوەش. (Bhandari, 2014:317). لە دیدی پاتمەنیش چەمکی سەرمایەی کۆمەڵایەتی، دەرخەری ئەو ڕاستیەیە کە کەسانی دەوروبەری تاك لە چەشنی خێزان، هاورێ وهاوکاران ودۆستان دەبنە بوون و پێکهاتەیەکی گرنگ کە لە دۆخە قەیراناوی و پڕکێشەکاندا بە کەڵکی یەکتر دێن و دەتوانن ببنە پشت و پەنای یەکتر و متمانە یەکتر بکەن. لە هەمان کاتدا، کە سەرمایەی کۆمەڵایەتیی لاواز بوو ئەوا ئاستەکانی ئاسایش ومتمانەی کۆمەڵایەتیش لاواز دەبێت(Patman, 2006: 198). نابێ ئەوەشمان لە بیربچێت کە کۆمەڵگا مرۆییەکان تا ئاڵۆزتر بێت کێشە وبەربەستەکانیشی ئاڵۆزتر دەبێت، هەر بۆیە لەو کۆمەڵگا ئاڵۆزانەدا پەیوەندییەکی تۆکمە لە نێوان ئاسایشی کۆمەڵایەتی وسەرمایەی کۆمەڵایەتییدا هەیە.

## 2.4 کەناڵەکانی دەستەبەرکردنی ئاسایشی کۆمەڵایەتی

لە ڕاستیدا کەناڵەکانی هێنانەکایەوەی ئاسایشی کۆمەڵایەتی هەمەچەشن و لە کۆمەڵگایەکەوە بۆ کۆمەڵگایەکی تر، جیاوازی هەیە، بەڵام دەکرێ بڵێین هەر هەموویان لە خاڵێکدا یەکدەگرنەوە ئەویش

بریتییە لە ڕۆڵی پەروەردە لە دەستەبەری ئاسایشی کۆمەڵایەتی، چونکە لە هەموو کۆمەڵگا مرۆییەکان پەروەردە هەم لە ئاستی فەرمی و هەم لە ئاستی نافەرمی ڕۆڵی یەکلارەوە لە ڕێکخستنی ڕەفتاری کۆمەڵایەتی تاکەکان دەگێڕێت کە دواجار دەبێتە هۆی هێنانەکایەوەی کۆمەڵگایەکی تەندروست و دەبێتە بەربەستێکی تۆکمەش بۆ ـئەوەی لادانە کۆمەڵایەتییەکان کەم بکاتەوە، بۆیە لە خوارەوە هەوڵ دەدەین بەوردی قسە لەبارەی ئەو کەناڵانە بکەین کە دەبنە هۆی هێنانەکایەوەی ئاسایشی کۆمەڵایەتی، بەتایبەت ئەو کەناڵانەی پەیوەندییان بە پرۆسەی پەروەردەکردنەوە هەیە:

### 1.2.4 بەهێزکردنی شوناسی نەتەوەیی

شوناسی نەتەوەیی یەکێکە لەو پرسانەی لە ئاستی دنیا بەتایبەت لە ئاستی ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان بایەخی زۆری پێدراوە، چونکە شوناسی نەتەوەیی ڕۆڵێکی باڵای هەیە لە بیناکردنی کەسایەتیی تاکەکانی کۆمەڵگا کە دەکرێ بڵێین گرنگیدان بە شوناسی نەتەوەیی هۆکارە بۆ ئەوەی یەکانگیری کۆمەڵایەتیی و ڕێزگرتن لە کولتوور و فرەکولتووریی و بەها و نۆرمە کۆمەڵایەتییەکان بەرەو پێش بڕوات(منیژە، 2007: 175).

کۆمەڵناسەکانیش پێیانوایە کە دروستبوونی شوناسی نەتەوەیی لە پەروەردە لە دوو ڕەهەندەوە دەستەبەر دەبێت؛ ڕەهەندی یەکەم گوزارشتە لە ڕەهەندێکی کەسییانە کە تاکەکان لە ڕێگەی بیناکردنی شوناسی کەسییانەی خۆیانەوە مانا بە بوونی کۆمەڵایەتیی خۆیان دەدەن، کە دواجار دەبێتە فاکتەرێك بۆ ئەوەی تووشی قەیرانی شوناس نەبنەوە و لە ئاستی دەروونییشدا کەسانی ئارام و ئاستی متمانەکردن بە خود لە ئاستێکی باڵادا بێت؛ ڕەهەندی دووەم زیاتر ڕەهەندێکی کۆمەڵایەتییانەیە کە تیایدا دروستبوونی شوناسی نەتەوەیی کۆی تاکەکان ڕوودەدا و کۆمەڵگا بایەخێکی گشتگیرانەی بۆ دروستدەبێت، بۆیە دەکرێ بگوترێت کە ئەم دوو ڕەهەندە لە سیستەمی پەروەردەدا زۆرترین بایەخی پێ دەدرێت و هۆکارن بۆ دەستبەری ئاسایشی کۆمەڵایەتی(طالبی، 2000: 61).

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩) – ژمارە(٢)، هاوین٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

### 2.2.4 بەرپرسیارێتی کۆمەڵایەتیی و دەزگا پەروەردەییەکان

دەزگا پەروەردەییەکان ڕۆڵێکی باڵا دەگێڕن لە پەروەردەکردنی تاکەکان بۆ ئەوەی هەستی بەرپرسیارێتی کۆمەڵایەتییان بەرامبەر بە کۆمەڵگاکەیان هەبێت، هەر بۆیە زۆرترین بایەخی پێ دەدەرێت، چونکە پەیوەندییەکی دیالێکتکیانە لە نێوان ئاسایشی کۆمەڵایەتی وبەرپرسیارێتی کۆمەڵایەتییدا هەیە. نابێ ئەوە ڕاستییەشمان لە یاد بچێت هەموو دەزگایەکی کۆمەڵایەتیی لە کۆمەڵگا کۆمەڵێ بەرپرسیارێتی لە ئەستۆدایە، بەتایبەت دەزگا پەروەردەییەکان ئەرکییان زۆر قورسترە لە هەموو دەزگاکانی تر، چونکە کەسایەتی تاکەکانی کۆمەڵگا بە گوێرەی جۆری ئەو پەروەردەیە بینا دەکرێت و هەر ئەو دەزگا پەروەردەییانەش ڕۆڵییان هەیە لە پاراستن و بەرفراوانکردنی ئاسایشی کۆمەڵایەتی (رضا، 1997: 63).

### 3.2.4 پەروەردە ودەستەبەری کەشێکی ئارامی دەروونی

ئاشکرایە پەروەردە ودەزگا پەروەردەییەکان کۆمەڵێ ئامانجی سەرەکییان هەیە، گرنگترینیان دەستەبەرکردنی کەشێکی ئارام و هێمنی دەروونی و ڕووحییە بۆ هەموو ئەو کەسانەی کە پەیوەستن بەم دەزگا پەروەردەییانەوە. لە بەرنامە و پرۆگرام و چالاکییە پەروەردەییەکان هەوڵ دەدرێ بەشێوەیەکی یەکسانخوازانە دەرفەتی یەکسان بۆ کۆی تاکەکان دەستەبەر بکرێ، بێ ئەوەی ڕەچاوی باری نەژاد و ئایین و نەتەوەی جیاواز بکرێت، لەم ڕووەوە ئەو دەزگا پەروەردەییانەی لەم ڕوانگەیەوە کاردەکەن، دواجار دەتوانن کۆڵەکەیەکی بەهێزیش بۆ ئاسایشی کۆمەڵایەتیی لە کۆمەڵگا دەستەبەر بکەن و کەسایەتییەکی بەهێز بۆ تاکەکانی کۆمەڵگا دەستەبەر بکەن (رضا، 1997: 78).

### 4.2.4 خێزان وەك دامەزراوەیەکی کۆمەڵایەتی

خێزان یەکێکە لەو دامەزراوە کۆمەڵایەتییانەی کە ڕۆڵێکی باڵا دەگێڕێت لە ڕێکسختنی کۆمەڵایەتیی ودەستبەرکردنی ئاسایشی کۆمەڵایەتییدا. هەروەها خێزان دەتوانێ زۆر بە کاریگەریی ڕۆڵی هەبێت لە گواستنەوەی نۆرمە کۆمەڵایەتییەکان وپێگەیەکی بەهێز بۆ تاکەکان دەستەبەر بکات، پێگەی تاکیش

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

تاڕادەیەکی زۆر پەیوەستە پێگەی کۆمەڵایەتی خێزانەوە(وثوقی، 2000: 121). دەکرێ بڵێین خێزان لە زۆربەی کۆمەڵگا مرۆییەکان دەتوانێ بە وردی کاریگەری هەبێت لە دەستنیشانکردن ودەستبەکردنی ئاستە جیاوازەکانی ئاسایشی کۆمەڵایەتی، بۆیە لەو کۆمەڵگایانەی کە خێزان هیشتا بنەما وکۆڵەکەی بەهێزە دەبینین هێشتا ئاسایشی کۆمەڵایەتی بەشێوەیەکی بەربڵاوتر بەرچاودەکەوێت.

### 5.2.4 ڕێکسختنی کۆمەڵایەتی وئاسایشی کۆمەڵایەتی

ڕێکخستنی کۆمەڵایەتی یەکێکە لە چەمکە سەرەکییەکانی کۆمەڵناسیی و کۆمەڵگا بێ ڕێکسختنی کۆمەڵایەتی شایەنی وێناکردن نییە. دۆرکایم یەکێکە لەو کۆمەڵناسانەی کە پێیوایە دەکرێ شێواوییە کۆمەڵایەتییەکان لە ڕێگەی چاکسازی کۆمەڵایەتیی کەم بکرێتەوە، چونکە دۆرکهایم بەدوای ئەوەوە بوو کە هۆکاری ئەم شێواویە کۆمەڵایەتییانە بدۆزێتەوە و ڕێگاچارەی گونجاو بۆ دەرچوون لەم دۆخە بدۆزێتەوە، لەبەرئەمە دۆرکایم یەکانگیری کۆمەڵایەتی بە فاکتەری مانەوەی کۆمەڵگا دەزانێت کە دواجار دەبێتە هۆی مانەوەی شیرازەی کۆمەڵگا و پاراستنی بەها هاوبەشەکانی کۆمەڵگا بەتایبەت لە ڕووی پاراستنی ئاسایشی کۆمەڵایەتی. لە دیدی دۆرکایم سیستەمی کۆمەڵگا و ئاسایشی کۆمەڵایەتی فاکتەرێکی ئاکارییە نەك سیاسیی و ئابووریی، لەبەرئەوە ئەو کۆمەڵگایانەی کە ڕێکخستنە کۆمەڵایەتییەکەیان ئاکارییە ئاسایشی کۆمەڵایەتیشی تیایدا دەستباڵا دەبێت(کوزر، 2004: 190).

تالکۆت پارسۆنزیش یەکێکە لە تیۆردارێژەرانی بواری سیستەم و ڕێکخستنی کۆمەڵایەتی، پێیوایە بەرژەوەندییە کەسییەکان و کردەی عەقڵانیی سوودگەرایانە بەتەنیا بۆ سەقامگیرکردنی سیستەمی و ئاسایشی کۆمەڵایەتی ئیکتیفا نییە، بۆیە لە ئاکامدا ئەو چەمکی نۆرمیشی هێنایە نێو تیۆری کردەی کۆمەڵایەتییەکەی. پارسۆنز لە تیۆری کردەدا چەمکی یەکی کردەی هێنایە پێشەوە و بەگوێرەی چوار توخمی بیناکەر دەستنیشانی کرد ئەوانیش: هەبوونی بکەر یان ئەکتەر؛ هەبوونی ئامانج یان ئەو دۆخەی کە ئەکتەر لایەنگیریی بەرامبەر دەکات و؛ ئەو پێگەیەی کە تیایدا ڕەفتار دەکات وەك هەلومەرج و ئامراز و هەبونی نۆرم و بەهاکان کە کەناڵی گرنگن بۆ گەیشتن بە ئامانجەکان بە تایبەت لە ڕووی گەیشتن بە ڕێکخستنی کۆمەڵایەتی و ئاسایشی کۆمەڵایەتیی کۆمەڵگاکان (ریتزر، 2004: 530). ڕۆبێرت مێرتۆنیش بایەخێکی زۆر بە هەبوونی پەیوەندی نێوان توخمی کولتووری و توخمی

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩) – ژمارە(٢)، هاوین٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

کۆمەڵایەتی دەدات. بە بۆچوونی ئەو، ڕۆڵ و ئەرکی سەرەکیی توخمی کولتووریی لە دیاریکردن و ناساندنی ئامانج و بەهاکان لە ژیانی کۆمەڵایەتیدا و توخمی کۆمەڵایەتییش ڕۆڵێکی باڵا دەگێڕێت لە گەیشتن بە ئامانجەکان. مێرتۆن پێیوایە ئەگەر لە کۆمەڵگایەك ئەرکی ئەم دوو توخمە پەیوەستبن بەیەکەوە ئەوا ڕێکخستن و شیرازەی کۆمەڵایەتیش بوونی دەبێت، هەر کاتێکیش شیرازەی کۆمەڵایەتی بوونی هەبێت، ئەوا ئاسایشی کۆمەڵایەتیش بوونی دەبێت(بودون، 2006: 661).

## ئەنجام

دواجار دەگەینە ئەو ئەنجامەی کە پەروەردە ڕۆڵێکی باڵا و کاریگەریی هەیە لە هێنانەکایەوەی ئاسایشی کۆمەڵایەتیی لە کۆمەڵگا، چونکە لە لایەك بیرمەندان و کۆمەڵناسە گەورەکان ئەو ڕاستییەیان سەلماندووە و ڕوانگەکانی خۆیان خستۆتەڕوو کە پەیوەندی نێوان ئاسایشی کۆمەڵایەتی و پەروەردە پەیوەندییەکی قووڵ و پڕمانایە، لە لایەکی تر، بەرپرسانی پەروەردەیی بە ڕوونی دانیان بەو ڕاستیەدا ناوە کە کۆمەڵگا مرۆییەکان بۆ ئەوەی ئاسایشی کۆمەڵایەتی تیادا بێت دەبێت بایەخ بە جۆری پەروەردە و گرنگییەکەی بدرێت. هەروەها لە لایەکی تر، دەگەینە ئەو ڕاستییەی کە کەناڵەکانی دەستەبەرکردنی ئاسایشی کۆمەڵایەتی فرە و هەمەچەشنن، هەر لەبەرئەمەش دەکرێت ئەو کەناڵانە هەر یەك بە قەبارەی خۆی کاریگەری هەبێت لە دەستەبەرکردنی ئاسایشی کۆمەڵایەتیی بۆ هەموو تاکەکانی کۆمەڵگا، ئەوا بێجگە لەو ڕۆڵەی دەزگا نافەرمییەکانی وەك خێزانیش هەیانە لە بەرفراوانکردنی ئاسایشی کۆمەڵایەتی، چونکە خێزان بڕبڕەی سەرەکیی کۆمەڵگایە و کەسایەتی مرۆڤ هەر لە سەرەتاوە لە خێزانەوە چرۆ دەکات و بوونی خۆی دەسەلمێنێت و ئارامی دەروونی و ڕووحی بۆ ئەندامەکانی دەستەبەر دەکات کە ئەویش کۆڵەکەیەکی ئاسایشی کۆمەڵایەتییە.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩) – ژمارە(٢)، هاوین٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

## سەرچاوەکان:


1. آبرکرامبی، نیکلاس و دیگران(1984). فرهنگ جامعه شناسی ، ترجمه حسن پویان، تهران. چاپخش.
2. بريك، يوسف (1992) مناهج البحث في علم الاجتماع، منشورات جامعة دمشق، سوريا.
3. بودون، ریمون ، بوریکو، فرانویا (2006) فرهنگ انتقادی جامعه‌شناسی، ترجمه عبدالحسین نیك گهر، تهران، انتشارات فرهنگ معاصر.
4. بوزان، باری (1999) مردم، دولت و هراس، مجله پژوهشکده مطالعات ڕاهبردی، تهران.
5. بیرو، الن (1991) فرهنگ علوم اجتماعی، ترجمه باقر ساروخان، تهران: انتشارات کیهان.
6. دورکیم، امیل (2012) جتمعه‌شناسی و تربیت، ترجمه د.فریدون سرمد، تهران، انتشارات کندوکاو.
7. دورکیم، امیل (2013) خودکشی ترجمه نادر سالارزاده امیری، تهران: انتشارات دانشگاه علامه طباطبایی.
8. روشه، گي ( 1997 ) جامعه شناسی تالكوت پارسنز، ترجمه عبدالحسين نيك گهر،1376 ، تهران ، تبیان.
9. روشه، گي (1991) کنش اجتماعی ،ترجمه هما زنجاني زاده، انتشارات دانشگاه فردوسی مشهد.
10. ڕیتزر، جورج (2004) نظریه‌های جامعه‌شناسی در دوران معاصر، ترجمه محسن ثلاثی، تهران: انتشارات علمی، چاپ هشتم.
11. السماك، محمد ازهر سعيد و الاخرون (1981) اصول البحث العلمي، مديرية دار الكتب للطباعة و النشر جامعة الموصل، العراق.

12.صافی، احمد(2008) مدیریت و برنامەریزی در آموزش و پرورش، تهران، اداره کل آموزش‌های ضمن خدمت، چاپ سوم.

13.طالبی، سکینه (2000) تحول هویت ملی دانش اموزان دورەهای ابتدایی، فصلنامه تعلیم و تربیت، شماره 63، تهران: انتشارات پژوهشکده تعلیم و تربیت.

14.علاقەبند، علی (1994) جامعەشناسی و اموزش و پرورش، تهران: انتشارات بعثت.

15.علاقەبند، علی(2011) مقدمات مدیریت آموزشی، تهران، بعثت، چاپ هشتم.

16.فرهادیان، رضا (1997) پایەهای اساسی ساخت شخصیت انسان در تعلیم و تربیت، تهران: موسسه فرهنگی و تربیتی توحید.

17.قرائی‌مقدم، امان‌الله (2010) مدیریت آموزشی، تهران، ابجد، چاپ اول.

18.کندال، دیانا (2013) جامعەشناسی معاصر، ترجمه فریده همتی، تهران، انتشارات جامعەشناسان.

19.کوزر، لویس (2004) زندگی و اندیشه بزرگان جامعەشناسی، ترجمه محسن ثلاثی، تهران: انتشارات علمی، چاپ یازدهم.

20.کوزر، لوئیس و روزنبرگ، برنارد (1913) نظریه هاي بنیادی جامعه شناختی، ترجمه فرهنگ ارشاد، تهران، نشر نی.

21.گیدنز، انتونی (1998) پیامدهای مدرنیت، ترجمه محسن ثلاثی، تهران، نشر مرکز.

22.گیدنز، انتونی (1999) تجدد و تشخص، ترجمه ناصر موفقیان، تهران: نشر نی.

23.لیك، دیوید و مورگان، پاتریك ای (2002) نقامهای منطقەایی و امنیت سازی در جهان مدرن، ترجمه، سید جلال دهقانی، پژوهشکده مطالعات ڕاهبردی، تهران.

24.منیژه، نویدنیا (2007) امنیت اجتماعی، تهران: پژوهشکده مطالعات ڕاهبردی.

25.مور، استفن (2010) دیباچه‌ای بر جامعه شناسی، ترجمه مرتضی ثاقب فر، تهران، انتشارات ققنوس.

26.وثوقی، منصور (2000) مبانی جامعه‌شناسی، تهران: انتشارات دانشگاه پیام نور.

**27.** Bhandari, R. B. (**2014**) social capital in disaster risk management, Disaster Prevention and management, **23** (**4**), **314**-**328**.

**28.** Patman, R. G. (**2006**) Globalization and conflict, national security in a new strategic era. Routledge: talor and francis group.

## The role of educational management in expand of social security

**Dana Lateef Shwani**
ministry of Education, president at Kurdistan Sociological and Pychological Asociation, Erbil, Iraq
dana.shwany@ymail.com

**Yousif Maghdid Qader**
Department of Business Administration, College of Administration and Economics, Lebanese French University, Erbil, Iraq
yousif.maghdid@lfu.edu.krd

**Karzan Qader Hamad**
Department of Tourism Administration, College of Administration and Economics, Lebanese French University, Erbil, Iraq
Karzan.hamad@lfu.edu.krd

***Keywords:*** *Role, education, management, social security, educational management.*

**Abstract**
The importance of the social security for all the society is very high, Also the channels that are responsible for the social security are all multiplied from the society to another society, the channels that are changing, as well as those societies that have the right idea for the authority, we see that the social, educational, cultural and economic crisis of the society will be decreasing. It is evident that every effort to expand and deepen social security in society must pay attention to education and educational institutions so that society can continue in a state of social security. In this regard, we come to the conclusion that social responsibility and the provision of appropriate education and mental health for individuals play a major role in expanding social security, in addition to the influence of the family in ensuring social security in society. On the other hand, it can be said that all social institutions can play a role in expanding the scope of social security, and the social order and organization that is the basis of educational institutions can become the expansion of social security. Our main goal is to try to analyze the effects of educational management in expanding social security, because we ultimately conclude that education plays a major role in expanding and developing social security.

## دور الإدارة التربوية في توسيع نطاق الضمان الاجتماعي

**ملخص**
أهمية الأمن الاجتماعي لكل المجتمع هائلة، كما أن القنوات المسؤولة عن الأمن الاجتماعي كلها تتضاعف من مجتمع إلى مجتمع آخر القنوات التي تتغير، وكذلك تلك المجتمعات التي لديها الفكرة الصحيحة للسلطة، نرى أن الأزمة الاجتماعية والتعليمية والثقافية والاقتصادية للمجتمع سوف تتناقص. من الواضح أن كل جهد لتوسيع وتعميق الأمن الاجتماعي في المجتمع يجب أن يهتم بالمؤسسات التعليمية والتعليمية حتى يتمكن المجتمع من الاستمرار في حالة الأمن الاجتماعي وفي هذا الصدد، نتوصل إلى

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەرپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩) – ژمارە(٢)، هاوین٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

استنتاج مفاده أن المسؤولية الاجتماعية وتوفير التعليم المناسب والصحة النفسية للأفراد تلعب دورا كبيرا في توسيع نطاق الأمن الاجتماعي، بالإضافة إلى تأثير الأسرة في ضمان الأمن الاجتماعي في المجتمع . من ناحية أخرى ، يمكن القول أن جميع المؤسسات الاجتماعية يمكن أن تلعب دورا في توسيع نطاق الأمن الاجتماعي، ويمكن أن يصبح النظام الاجتماعي والتنظيم الذي هو أساس المؤسسات التعليمية توسعا في الأمن الاجتماعي. هدفنا الرئيسي هو محاولة تحليل آثار الإدارة التعليمية في توسيع الأمن الاجتماعي، لأننا نستنتج في النهاية أن التعليم يلعب دورا رئيسيا في توسيع وتطوير الأمن الاجتماعي.